# پێداچوونەوەی "پێداچوونەوەیەک"

## تەزویر لە پێداچوونەوەی دەقی وەرگێردراوی کتێبی

## "خولیا و مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان"

## بەشی چوارەم

### مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

برگەی چوارەم The Murderers لە ژێر ناوی " تاوانبارەکان" لە بەشی چواری لاپەرەی ١٧دەقە ئینگلیزییەکەی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان ( لاپەڕەی ٣٩ تا٥٢) لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەن زادەوە ناسراو بە حیاکی زۆرترین تەزویری تێداکراوە. تەزویرەکان لەم بەشەدا سەرسوڕهێنەرن. ئەو تەزویرانەی کە حەسەنزادە بە تایبەتیی لەم بەشەدا کردوونی لە کاری تەردەست و "سیحربازانی سیرک "دەچن کە کۆتر وکەروێشک،بۆ مندالان لە کلاوی لەنگەریی دەردەفرتێنن.

لە ئاخری بەشی سێهەمی پێداچوونەوە بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە وەرگێردراوەکەی مامۆستا فەتاح کاویاندا تەزویرێکی مەلا عەبدوللامان خستە بەرچاو کە لە وەرگێردراو و پێداچوونەوەی لاپەرەی ٢٦ دەقەکوردییەکەدا کردوویە. حەسەنزادە ئەو تەزویرەی بۆ ئەوە کردووە کە پاکانە بۆ صحرارودی بکا و لەتیرۆری د.قاسملوودا بە بێتاوانی بناسێنێ و بیباوەرێنێ کە صحرارودی لەو تیرۆرەدا دەستی نەبووە. صحرارودی لە دۆستانی هەرەنزیکی تالەبانییە.

دوای راگەیاندنی خەبەری تیرۆری د.قاسملوو لەلایەن پۆلیسی دژەتیرۆرەوە لە ڤییەن، بێ ئەوە پۆلیس و دەزگای دادوەری ئاکامی لێکۆلینەوەیەسەرەتاییەکەی بلاوکردبێتەوە، جەلال تالەبانیی لە رادیۆ تارانەوە رژیمی عێراقی بە کردنی جینایەتی تیرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی تۆمەتبار کرد. ئەو کارەی تالەبانیی نەگونجاوو دوور لە مەنتیق بوو. تالەبانیی مافناس وپارێزەر بووە. دەزانی کە مافناس تابەڵگەیەکی باوەرپێکراوی لەبەردەستدانەبێ ا کەسێک یان کەسایەتییەکی حقوقیی بە کردنی جینایەتێک تاوانبار ناکا. نەزانراوە کە تالەبانیی بۆچی لەو کاتەدا لە تاران بووە و کتوپر لەو جینایەتە ئاگادار کراوە و بێ ئەوە بەڵگەیەکی قانوونیی لەبەردەست دابووبێ لایەنگرانە ئەو هەڵوێستە سیاسییە نەگونجاوەی دەربڕیبوو؟

تاوانبار کردنی دەولەتی عێراق بێ وەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی لیکۆلینەوە و دادوەریی ئەو ئاکامانەی هەبووە:

دابەش کردنی دوولایەنی تیرۆرەکە بە کورد و ئێرانیی، لەراستییدا بۆ گۆرینی رومای مەسەلەکە و بە فریوبردنی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی پەروەندەی تیرۆرەکە کارتێکەر بووە. بەشدارانی ئەو وتوویژە کورد و ئێرانیی نەبوون. سێ لایەن لەو وتوێژەدا بەشدار بوون. کە لە بنەرەتدا دووبەش بوون . یەکەم د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی بە نوێنەرایەتیی حدکا. دووهەم تیرۆریستەکانی سپای پاسداران.سێهەم کارگێرێکی کوردی بالوێزخانەی ئێران بە ناوی فازل رەسول.

ئەو وتوێژە درێژەی ئەو پلانەی دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩ واتە شەش مانگ پیشتر بووە کە تالەبانیی پلاندارێژ، رێکخەرو و بەرێوەبەری کارەکانی بوو. لێکۆلینەوە لە روداوی تیرۆری د.قاسملوو بە بێ لێکۆلینەوە لە پرۆسەی شکڵگرتنی روداوەکە و کارگێرانی کارای ئەو پلانە ناتەواوە. فازل رەسوڵ بە پێی راگەیاندنی بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن و دانپێدانانی صحرارودی لەو بە ناو وتوێژەدا نوێنەری تالەبانیی بووە. جیا لە هەموو ئەوانە فازل رەسوڵ کارگێری ئیتتیلاعاتی رژیم لە بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بووە.

تالەبانیی بە پێی وتوێژێکی خۆی لە مانگی دەی ١٩٨٦ ەوە بە دوای رێکەوتننامەیەکی نە قانوونیی و بێ ئیعتیبار لەگەل پاسدارێکی ناوزراوی جیهانیی سەر بە گروپی مافیاییە شیرازییکان خۆی بە هاوپەیمانی سیاسیی رژیمی ئێران پێناسە کردووە! بروانە خولانەوە لە ناوبازنەدا ل. ١٠٥

بە پێیپەیماننامەی ١٩٦٩ ڤییەن تەنیا دەولەتان دەتوانن پەیماننامە لە نێوانیاندا ببەستن وئیعتیباری هەبێ. رێککەوتنەکانی تالەبانیی و تەنزیمەکەی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران رێکەوتنی سیاسیی نەبوون. ئەوانە ئیتتیلاعاتیی بوون. پێوەندیی هەموو تەنزیمە کوردستانییەکان بە دەولەتانی دەور و بەریانەوە پیوەندیی ئیتتیلاعاتیی لەگەل دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئەو ولاتانەبووە نە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی رژیمەکانیان.

تالەبانیی یەکەم کەس بووە کە شەوی دوای تیرۆرەکەی د.قاسملوو لەتارانەوە تەلەفونی بۆ ژنەکەی فازل رەسول کردبوو. لەو پێوەندییەدا لە قەولی علی اکبر هاشمی رەفسنجانی سەرۆک کۆماری ئاخوندەکانەوە بۆ پاکانەکردن بۆ صحرارودی سێ تێئۆریی بۆ تیرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی بۆ ژنەکەی فازل رەسول باس کردبوو کە لە لای پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە باسیان بکا:

**١– "کوشتنی د.قاسملووکاری رژیمی عێراق بووە."**

**٢– کوشتنی د.قاسملوو کاری "موجاهیدیەکانی خەڵک" بووە."**

**٣– ئەو روداوە کاری دژبەرانی ناوخۆیی حیزبەکەی د.قاسملوو بووە کە لەسالی ١٣٦٦ (١٩٨٧) لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیابوونەوە و لە ١٣٦٧ هەبوونی خۆیان لە ژێرناوی رێبەرایەتیی شۆرشگێری حدکا راگەیاند.**

**تالەبانیی لەو پێوەندییە تەلەفۆنی‌یەی‌دا بە ژنەکەی فازل رەسولّی گوتبوو: " دەکرێ ریزبەندیی‌یە کە سەروخواریان پێبکرێ واتە جێگەکەیان بگۆردرێ."**

**تالەبانیی لە لەندەن وتوێژێکی لەسەر پەیوەندیی ینک و ئێران لەگەل ژینی نوێ کردبوو کە سەرنجراکێشە:**

**تێبینیی ١ : رژیم لە بەرنامەی دابوو کە دوای بەرێوەبردنی سەرکەوتوانەی تێرۆرەکە لایەنێکی دیکەش بە تاوانباری ئەو روداوە لەقاو بدرێ، بەلام بەهۆی کەوانەکردنی گوللەیەکی صحراروی و برینداربوونی چاوەرووان نەکراوی خۆی و ئاشکرا بوونی کتوپڕی جینایەتیەکە و خستنە ژێرچاوەدێریی صحراروی و دەستبەسەرکردنی بزرگیان و پسانی پەیوەندیی نێوان بالۆێزخانەی ئێران و ئۆدەی تایبەتیی بریاری تێرۆر و تێرۆریستەکان ئەوبەشە ناوی نەهێنرا.**

**پێوەندیی ئیتتیلاعاتیی ینک و تالەبانیی بە ئێرانەوە خولقێنەری زەمینەی کارەساتەکانی کوردستان( ئەنفالەکان، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە، توانا کردنی بزووتنەوەکانی کورد و تێرۆری رێبەرانی حدکا بووە. بروانە راپۆرتی تالەبانی بۆ پلێنۆمی ٤ ینک و نووسراوەی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، نووسینی نەوشیروان مصطفی.**

**ینک لە ١٩٨٦لە رێکەوتنێکدا لەگەل باقری ذوالقدر کرا بەبەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران( خولانەوە لە ناو بازنەدا ١٠٥ ) و دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر لە ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی و بنەمالەکەی دامەزرا. هەمان سەرچاوە.**

**سێ مانگ و دەرۆژ دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە برلین، بە پلانی عەبدوللا حەسەنزادە وتالەبانیی، حدکا لەقەندیلەوە بەرەو کۆیە راونرا و حدکاش کرابە پەنابەر، جیرەوەرگر و بەشێک لەو تەنزیمەکەی تالەبانیی.**

**مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە ئۆردوگای پەنابەری‌یدا ، نەیدەتوانی واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی بەپێی بەڵگەنامەکانی پەروەندەی تێرۆرەکە بلاو بکاتەوە. مەلا عەبدوللا و مصطفی هجری بۆ ئەو مەسەلەیە جیاوازیی‌یەکیان نەبووە.**

**کەسانێکیش کە بە دەگمەن لەسەر ئەو تێرۆرانە شتێکیان نووسیبێ کارەکەیان کامڵ نەبووە. چونکە لەو ئەدەبیاتە پەنابەریی‌یەی مەلا عەبدوللاو هجری کەلکیان وەرگرتووە. ئەوەش تژی لە تەزویرو درۆ بووە.**

**پەرویز دستمالچی یەک لە رزگاربووانی تێرۆری میکونوس لەبەشێکی ئەو زانیاریی‌یانەی‌دا کە لە کتێبی "تێرۆر بە نام خدا " دا نووسیونی لەبەشێک لەو ئیتتیلاعاتە کەڵکی وەرگرتووە کە تالەبانیی و بەنی‌سەدر و حدکا بڵاویان کردوونەوە. بروانە کتێبێ "** [**ترور به نام خدا"**]() [1] [2] [3]

**کەمو کورتیی کتێبەکەی د. پەرویز دستماڵچی لەسەر تێرۆری د.قاسملوو هەمان کەم و کورتیی‌یەکانی کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێرە: د.دستمالچی زانیاریی دروستی لەسەر پێکهێنانی وتوێژەکە و پێوەندیی‌یەکانی کورد لە باشوری کوردستان و رژیمی خومەینیی نەبووە. ناوبراو لە شیوەی پێکهێنانی وتووێژەکە ی د.قاسملوو صحراروی بە ئیبتیکاری تالەبانیی ئاگادار نەبووە. پلانی تێرۆری د.قاسملوو لە دوای مانگی دەی سالی ١٩٨٦ەوە لە دوای رێکەوتنی تالەبانیی و باقری ذوالقدر لە تاران کاری بۆ کرابوو. دواتر ئەوبەشە بەوردیی باس دەکرێ. بۆ ناسینی باقری دوالقدر لاپەرەی ١٤–٢٠ ئەوبابەتە بە زمانی ئینگلیزیی لەو لینکەدا بخوێنەوە![4]**

**د.دستمالچی ئەو باسەی خۆی لە دێسامبری ١٩٨٨و لەکاتێکەوە دەست پێکردووە کە د.قاسملووو عەبدوللا قادریی چووبوون بۆ ئوتریش. دستمالچی باسی پێشینە و دەسپێکی گوتووبێژەکە وهەولێکی کە تالەبانیی بە بێ پرس و رەزامەندیی د.قاسملوو بۆ ئەو وتووێژەدابووی نەکردووە. بەڵگە– نامەکانی ئەم بەشە دواتر دەخرێنە بەرچاوی خوێنەر. تالەبانیی کارگێرو بەرنامەدارێژەری یەک لایەنە و کارای بەناو وتوێژەکە بووە. سەرەتای نووسینەکەی د.دستماڵچی بۆ ئەو وتووێژە لە لاپەڕەی ٢٨٤ دا ئاماژەیە بە کەسێک بە ناوی خەبات مەعروف کە سەربە ینک بووە و مالەکەی لە**

---

1 http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html

2 http://www.iranroundtable.org/sites/default/files/pdf/terrorism.pdf

3 https://drive.google.com/file/d/0BzecNLgcfBxvZnZGTHhuWVdkUXM/edit

Harmoniegasse له مەنتیقەی ٩ ی ڤییەن بۆ رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکە بۆ تالەبانیی جێهێشتبوو. دەنگۆ بڵاو کرابۆوە کە خەبات چووەتە سەفەر، بەلام ئەو دەنگۆیە ناراست بووە. شەوی ٢٨ ی دیسامبر ١٩٨٨خەبات لە هۆتێل هیلتۆنی شاری ڤییەن میوانی صحرارودی بووە؟!

د.دستماڵچی رۆژانی کۆبوونەوەکان وریکەوتەکان و شوێنی کۆبوونەوەکانی بە هەڵە نووسین. رۆژی یەکەم لە مالی خەبات مەعروف بەرپرسایەتیی پاراستنی شوێنەکە لە ئەستۆی فازل رەسول و براکەی بووە کە دستمالچی ناوی نەبردوون. ناوبراو نووسیویە سێ کوردی عێراقیی یەک لە ژوری بیناکە و دوو کەسی دیکە لە دەرەوەی بیناکە پارێزگارییان کردووە. مەلا عەبدوللا لە نووسراوەکانیدا ٢٧ چەکداری بە چەک و جبەڵخانەی ینک ەوە، وەبزانە:[ ڤییەن ناوەندی یاخسەمەرو ئیتتیلاعاتی سپاو شوێنی فەرماندەریی تالەبانیی بووە]– ناردووەتە ئەو شوێنە و تالەبانییش گوتوویە چووەتە لای وەزیری ناوخۆیی ئوتریش پاسەوان ماشێن و ... وەرگرتووە. ئەوانە هیچیان راست نەبوون. ئەو سێ کەسە پارێزەرەش فازل و یەک لە براکانی بوون کە بە دووچەکی جەوازداری ژنەکەیەوە لەمالی خەبات Khabat Marouf بوون. تالەبانی دواتر ئیددیعای کردبوو کە د.قاسملوو بۆپاراستنی شوێنەکە چووەتە لای وەزیری ناوخۆی ئوتریش و داوای پاراستنی شوێنەکەی کردبوو بەلام وەزیری ناوخۆی ئوتریش(لۆشناک) گوایە : قبوولی نەکردبوو. ئەو ئیددیعایەیەش لەلایەن کارگێرانی وەزارەتی ناوخۆیی ئوتریش بە بوختان و ئیددیعایەکی ناراست پێناسەکرا و رایان گەیاندبوو کە کە ئاگایان لە شتێکی ئاوا نەبووە. ناوبراو سەرچاوەیەکیشی بۆ ئەو زانیارییە باس نەکردووە.تالەبانیی بە پاسپۆرتێکی تەزویرییەوە چووبووە ئۆتریش و نەیدەتوانی بچێتە لای وەزیرو جبەڵخانە، قومبەلە و قازیفە و قەنناسە بۆ مەلا عەبدوللا بەرێتە مالی خەبات مەعروف!

رۆژەکانی وتووێژ بە بەشداریی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی بریتیی بوون لە ٢٨ ی دێسامبرو ٣٠ دیسامبر( ١٩٨٨) و ٢٠ ژانویە ١٩٨٩ دوو رۆژی ئاخری کۆبوونەوەکان لە مالی فازل لە Wasagasse و براکانی بەڕێوە چوو بوون.

ئەو وێنەیە هی بادیگاردەکەی صحرارودی بە ناوی "امیرمنصور بزرگیان"ە کە پرویز دستماڵچی لە کتێبەکەی دا لەگەل وێنەی صحرارودی چاپی کردوون. ئەم بادیگاردە لە دەوری یەکەمدا لەگەل صحرارودی و اجوادی نەببوو. ئەو وێنانە لە کتێبی ترور بە نام خدا نووسینی د. دستمالچی وەرگیراون.



(حاج غفور درجزی )نام مستعارامیرمنصور بزرگیان اصل) فرمانده واحد عملیاتی سپاه قدس



محمد جعفر صحرا رودی، سرپرست تیم مذاکره با دکتر قاسملو

دستمالچی نووسیویە: "فازل رەسول خەلکی سولەیمانیی بووە. لە ١٩٧٥ بەرێبەرایەتی مصطفی بارزانی لە راپەرینی کورد دا بەشدار بووە." ئەو زانیارییە راست نەبووە. لە ١٩٧٥ کۆتایی بەو راپەرینە هات. ئەو کابرایە لە ١٩٥١/١٢/٩ لەسلێمانی لە دایک بووە. لە سەردەمی لاوەتییەوە لەتەنزیمەکەی تالەبانیی دا بووە. لەبەغدا لەگەل تالەبانیی و چەندکەسی دیکە کۆمەلەیان دامەزراندبوو. بروانە سایتی ئەمرۆ، عارف کەریم [5]لێکۆلەرەوەی سیاسیی، نووسەری لێکۆلینەوەی" من و کۆمەلەو یەکێتیی..." فازل لە سوریاو لوبنان لەگەل تالەبانیی بووە. چوارسال وسێ مانگ لەلای حیزبولڵای لوبنان بۆ کارێک کە دواتر کردوویە راهێنرابوو.لەوکاتەدا تالەبانیی بە وتەی دیلیپ هێرۆ[6] لەگەل تەشکیلاتی جۆرج حبش لە بەیروت تێکەل بووە.[7]

فازل بە پاسپۆرتی پەنابەریی ئێرانییەوە لە 1979/1/31ناردرابوو بۆ ئوتریش. لە 1979/2/14 داوای پەنابەریی کردبوو. لە 1979/5/30 کرابوو بە پەنابەری سیاسیی.لە 1985/3/6کرابوو بە ئوتریشیی. لە 1985/3/26وە نیشتەجێی .Wasagasse بووە. ناوبراو قەراردادێکی کاریی لە گەل ئەنستیتۆیەکی ئوتریشیی هەبووە کە مانگانە نزیک بە 3000 ( کەمتر لە ٥٠٠ دۆلار داهاتی هەبووە. ناونیشانی ئەو شوێنەی کارە دەفتەرییەکەی ی لێکردبوو 2361Laxenburg, Schlossplatz 13 بووە. فازل رەسول لەو کاتەوە کە قوتابییەک بووە لایەنگری تالەبانیی و یەک لە کارگێرەکانی بووە.

ئەوانەی لەمەر وتووێژی د.قاسملوو صحرارودی بە د.دەستمالچی گوتراون و نووسیونی. رێکەوتەکانیان ناراستن. دستماڵچی باس لە دووتیمی تێرۆر دەکا کە گوایەلە: ناصر تقی پور، علیرضا عسکری و احمدی نژاد پێک هاتبوون و لە تارانەوە ناردرابوون و تێرۆرەکەیان کردبوو و گەڕابوونەوە. ئەمانە هەموو ساختەی ئۆدەی پلان بووە بۆ ئەوە پاکانە بۆ صحرارودی بکەن. دستمالچی لەلاپەڕەی ٢٩٠تێرۆر بە نام خدا دا نووسیویە:[8]

*"همزمان تیم ضربت در بیرون وارد کار می شود. ناصر تقی پور، سرهنگ واحد قدس سپاه مسئول عملیات و ترور است. علی رضا عسگری همراه و پشتیبان اوست. احمدی نژاد* مسئول تحویل اسلحه ها از سفارت ج.ا.ا. در وین و سپردن آنها به تقی پور است. یک کۆلت برتا ) یک کۆلت لاما اسپسیال،٦٥/٧میلی متری با صدا خفه کن و یک کلت لاما اسپسیال٦٥/ ٧ میلیمتری با صدا خفه کن وو یک مسلسل مدل) مدل برێتا ۹ میلیمتری با صدا خفه کن. Beretta ۹ میلی متری.*

*مذاکرات به نتیجه ای نمی رسد و درنتیجه قاسملو و رسول پیشنهاد می کنند مذاکرات در روز ١٤ ژوئیه ساعت شش بعد از ظهر ادامه یابد)از متن ضبط شده به روی نوارضبط صوت که قاسملو آنرا پنهانی انجام داده بود. اندکی پس از این پیشنهاد تیراندازی با دوکلت شروع می شود. گلوله ها به پیشانی،گیجگاه و گلوی قاسملو و سه بار به سر و دو بار به گلوی رسول اصابت می کنند. هردو در جا کشته می شوند. احتمالن عبدالله قادری تنها کسی است که از خود دفاع کردهاست. به او یک گلوله به پشت کله، دو گلوله به کمر، یک گلوله به گیجگاه، یک گلوله به گلو، یک گلوله به شانه و یک گلوله به انگشت اشاره دست راستش اصابت کرده است. قاتلان به منظور اطمینان از انجام وظیفه خود به هر یک از مقتولان یک تیرخلاص می زنند بگونه ای که بقایای پوست و استخوان مقتولان به روی صدا خفه کن باقی می ماند. شاهد "د" می گوید، تقی پور برای او تعریف کرده است که او )تقی پور( و عسگری به محل مذاکرات می روند و در را غفور درجزی )امیر منصور بزرگیان اصل( بەروی آنها باز کرده است. تقی پور پس از ورود به خانه ابتداء و فورا قاسملو را هدف قرار می دهد و می گوید چون محل مذاکره اندکی تاریک بود من اشتباهن صحرارود ی‌را نیز زدم. پس از انجام عملیات فورا از محل ترور دور شدیم. وظیفه احمدی نژاد درتیم عملیات تحویل اسلحه ها و پشتیبانی و به هنگام عملیات در اطراف خانه بوده است. تا اگر اتفاقی افتاد اقدامات لازم را انجام دهد ) [۳] دستمالچی لەدرێژەی باسەکەی‌دا نووسیویە:*

*"این اظهارات شاهد "د"، همچنانکه بعد خواهد آمد، با بررسیهای کارشناسانه پلیس ضد تروریسم اتریش مطابقت ندارد و تێراندازی توسط همان هیئت مذاکره کننده جمهوری اسلامی صورت گرفتەاست."*

*"صحرارودی، بزرگیان اصل اجوادی تمام وسایل فرار را از پیش آماده کرده بودند. وسائل آنها درهتل کاملان بسته بندی شده و بلیط پرواز به تهران نیز از پیش پرداخت شده بود. اما، بد شانسی آنها تنها دراین است که حوادثی اتفاق می افتند که از قبل قابل پیش بینی نشده نبودند.."*

هەموو ئەو شانۆگەرییە بۆ ئەوە بووە کە پاکانە بۆ صحرارودی بکرێ. نەزەری کارناس و خیبرەو پسپۆران ئەو شانۆگەرییەی ئاشکرا کردو ئەوانەی کە بلاو کرابوونەوە بە درۆ راگەیاندران.

ئاکام و هۆی باس کردنی ئەو شانۆگەرییە و گێرانەوە و هێنانی بۆ ئێرە ئەوەیە کە:

مەلا عەبدوللا بەو تەزویرە " تاقە تپروکێنەی" خۆی ویستوویە ئەویش هاوفکریی و هاودەستیی خۆی لەگەل ئۆدەی فکر و تێرۆریستەکان ( صحرارودی و اجوادی و بزرگیان ) نیشان‌بدا وبە بێتاوانیان بناسێنێ. دوای رادانی حدکا بۆ کۆیە مەلا عەبدوللاش وەکو تالەبانیی و تەنزیمەکەی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپا ی پاسداران هاوکاریی کردووە. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا و تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا بۆ ئیتتیلاعاتی سپا و فلاحیان لە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورددا!

5 http://www.emrro.com/minukomeleu.htm

6 https://en.wikipedia.org/wiki/Dilip_Hiro

7 -http://www.democracynow.org/2005/4/7/iraqs_new_president_jalal_talabani_ally

8 -http://www.iranroundtable.org/sites/default/files/pdf/terrorism.pdf

ئۆدەی فکرو هاودەستانی کوردیان توانیبوویان بە بەنی سەدرو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی بباوەڕێنن کە دوو تیمی تێرۆر بۆ کوشتنی د.قاسملوو لە ئارادا هەبوون.

ئەو بەشەی کە مەلا عەبدوللا لێرەدا سانسۆری کردووە لە راستیدا بۆ شاردنەوەی جینایەتی تێرۆری سیستمێکی جینایەتکاری دەولەتی بووە. مەلا عەبدوللا جیا لەو هەزاران تەزویرە کە لەو کتێبەدا کردوویە خۆی و تیمەکەی تۆمەتبارن بە خولقاندنی زەمینەی تێرۆر و شاردنەوەی تاوانی رفاندن،فرۆشتن، بێسەروشوێنکردنی سەدان ئەندامی حدکا لە باشوری کوردستان. تەنیا حەسەنزادە و تیمەکەی دەزانن کە ئەو جینایەتانە لەلایەن چ کەسانێکەوە سازمان دراون و بەڕێوەچوون. ژمارەی تێرۆرکراوانی حدکا لە باشور لە لایەن هجرییەوە ٣٠٠ کەس راگەیەندراوە. بەلام ئەوەش ناراستە. ژمارەی ئەو هاورێیانەی خۆیان کە بە کوشتیانداون وەکو گەلای دارهەلوەریون و کەس حیسابی بۆ نەکردوون.

تەزویری مەلا عەبدوللا یەک و دوو نییە. حەسەنزادە لەمەر کۆماری کوردستان و هەر بابەتێک کە نووسیبێتی، هەرچی گوتبێتی و نووسیبێتی بێ تەزویر نەبووە. بروانە تەزویری بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حدکا لە٢٠٠٦ کە تێیدا مەلا عەبدوللا بێ ئەوە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی بووبێ بە زمانی کومیتەی ناوەندییەوە بەیاننامەیەکی نووسیبوو و بلاوی کردبووە کە نموونەیەکی سەیرە لە تەزویرەکانیدا. مەلا عەبدوللا بۆ بێ ئابروکردنی ئەندامانی ئەو کومیتەیە بەزمانی ئەوانەوە خۆی گوتەنیی تەزویرێکی تاقەتپروکێنی بۆ سەرۆک کۆماری کوردستان تێدا جێکردبۆوە.. نووسەری ئەم بابەتە بێ ئەوە بزانێ کە مەلا عەبدوللا ئەو بابەتەی نووسیویە رەخنەی لەو بەیاننامەیە و ئەندامانی ئەو کومیتەیە گرتبوو. حەسەنزادە ناچار بوو پێ لەو تەزویرەی خۆی بنێ و رایگەند کە لەو تەزویرەدا کە کردوویە مەبەستی سەرۆک کۆماری کوردستان نەبووە. بۆ خوێندنەوەی وتاری پۆلیمیکی سیاسیی کە لە سالی ٢٠٠٦ لەمەر ئەو تەزویرەی مەلا عەبدوللا نووسرا. بروانە پۆلیمیکی سیاسیی[9] لە سایتی رۆژی کورد اینفۆ و سایتی پێشمەرگەکان!

تەزویری نەزەری خیبرەو کارناسانی دەولەتی ئوتریش لەپەروەندەی تێرۆری د.قاسملوودا



٤٨ قاسملووی کورد

و ئەگەر بێتو سەحراروودی شتێکی بەسەر بێ، کاربەدەستانی دەولەتی ئێران ناتوانن پارێزراویی بالوێزخانەی ئوتریش گەرەنتی بکەن».

هەر لەو پێنج شەممەیەدا، ئەشتەرگەری بۆ سەحراروودی کرا، بۆیە پۆلیس نەیدەتوانی هەتا رۆژی شەممە پرسیارو لێکۆلینەوەی لێ بکا. دایرەی پۆلیس شایەتیدانەکەی سەحراروودیی بە نهێنی هێشتبووەوە، بەلام حەوتەنامەی پرافیت شتەکەی ئاشکرا کرد.

بەپێی وتەی سەرۆکی پاسدارەکان کە دەیگوت کاتێک دانیشتن دەگەل کوردەکان بەرەو تەواوبوون دەچوو، یەک دوو کەس . نەیدەزانی بەراستی چەند کەس بوون . لەپڕ هاتنە ژوورەکە. یەکێکیان سەرکلاوێکی بۆری لەسەر نابوو. یەکێک لەوان سەحراروودیو ئەوانی دیکەی دایە بەر رێژنەی گوللان. سەحراروودی بریندار بووو لە ئاکامدا کەسی نەدیو پاشان پێش هێرشەکە مستەفەوی لە هۆدەکە وەدەر کەوتبوو.


سەحراروودی دەیگوت هەرکە بریندار بوو، هەلات بۆ دالانەکەو لەوێ چاوی بە بوزورگیانو مستەفەوی کەوت. راگەیاندنەکانی ئەو دەگەل قسەکانی پاسەوانەکانی ناخوێننەوە کە دەلێن ئەو لەوێندەرێ نەبووە، چونکە چووبوو بۆ مەکدونالد. راستییەکەشی ئەوەیە هیچ کەس لەبیری نیە ئەوی لەمەکدونالد دیبێ یان نا.

سەحراروودی ئەوبابەتەی روون نەکردەوە کە بەبروای ئەو هێرشکەرەکان بەچ شێوەیەک لە ئاپارتمانەکە وەژوور کەوتبوون. بەوحالەش، بەپێی راپۆرتی بەشی قەزایی، گوللەکان بەدەستی هێرشکەرانێک هاوێژرابوون کە لەوبەری هۆدەکە دانیشتبوون.

دەولەتی ڤییەن لە بەرامبەر گوشارەکانی ئێراندا تەسلیم بوو. بریاری قانوونی لە دژی بوزورگیان راگیراو ئەویش هەر بێ سێودوولیکردن پەنای بۆ بالوێزخانەی ئێران برد. ساختومانێکی قایمو پتەوە کە لە شەقامی ژاورێسگاز هەل کەوتوەو دەگەل شوێنی جینایەتەکە شەقامێکو حەوسەد میتر لێک دوورن. گەرەکێکی ئاوەدانو پرمالە. رووبەرووی بالوێزخانەی ئێران بالوێزخانەی سۆڤیەتو کلیسا (کەنیسە)ی ئۆرتودۆکسی رووسانی لێیە.

بوزورگیان بۆ رۆژی یەکشەممەی دواتر پازدەی مانگ لە فرۆکەیەکی ئێرانیدا کە دەچووە تاران جێگەیەکی بۆ راگیرابوو. پۆلیس لەوە نیگەران بوو. فرۆکەکە کاتژمێر ٧ی دوای نیوەڕۆ وەرێ دەکەوتو ئەو پاسدارە هیچ تاوانێکی لەسەر نەمابوو.

لەلایەن دادوەرەوە دەستوور بە پۆلیس درابوو کە دەبێ گەرەنتینامەیەک بۆ گرتنی بوزورگیانو مستەفەوی لەگۆڕیدا بێ لەبەر ئەوەی نەیان توانیبوو یارمەتیی



26 The Passion and Death of Rahman the Kurd

therefore not able to see much more. He said that Mostafawi had left the room before the assault.

Sahrarudi said that once he saw he was wounded, he ran to the corridor, where he found Buzorguian and Mostafawi. His declarations contradict those of his bodyguard that say he was not there because he had gone to McDonald's. The truth is that nobody remembered seeing him at McDonald's. No one recognized him.

Sahrarudi did not clarify how the supposed assailants entered the apartment. He insisted that they had fired from the doorway. But analysis of the shooting determined that the assassins could not have fired at the Kurds from the entrance to the apartment. Instead, the shots had been fired from the side of the room *opposite* the door, by assailants who were in a sitting position. Furthermore, the trajectory of the bullets indicated that they had been fired from the direction of the Iranian delegation: discarded shell casings were found where the Iranian negotiators had been sitting and not near the doorway.[40] A senior Austrian government official told *Time* magazine:

"Buzorguian and Sahrarudi told us someone had forced their way into the room and opened fire. They lied. By all appearances, the murderers were inside the room at the time of the crime."[41]

The Viennese government gave way to the Iranian pressure.[42] The arrest warrant against Buzorguian was suspended. He immediately took refuge in the Iranian embassy, a solid building in the Jauresgasse, one street over and seven hundred meters from the murder site at number 5 Linkebahngasse. It's a residential neighborhood. In front of the Iranian embassy stands the Soviet embassy and the Russian Orthodox church.

Buzorguian had a reserved seat on the Iran Air flight for Tehran the following Saturday, the fifteenth. The police were worried. The plane was leaving at 7:00 PM and the bodyguard was free of all charges.

The police had a judge order arrest warrants for Buzorguian and Mostafawi,[43] on minor charges of failure to assist a wounded person. This was merely a pretext based on Austrian law. The warrant was ready at 5:50 PM, and with it, Buzorguian's trip was thwarted.

In order to have Buzorguian questioned again, the Austrian minister of justice, Mr. Foregger, lifted the arrest warrant while Buzorguian was in audience with the judge. The judge had to guarantee to the Iranian

کارناسانی چەک، پزیشکەکانی سەر بە پزیشکیی قانوونیی ڤییەن، تاقیکاریی تاقیگەکان سەلماندوویانە کە گوللەبارانکردنی د.قاسملوو عەبدوللا قادرییو فازل رەسولی هاودەستی تێرۆریستەکان، کاری صحراروديو اجوادی بووە. مەلا عەبدوللا حەسەن زادە( حیاکی) بۆ پاکانەکردن بۆ صحرارودی جیالەوە کە ئەو بەشە گرنگەی نەزەری پسپۆران و کارناسانی سانسۆر کردووە لە باقی بەشەکانیدیکەش دا جیا لەچەند دێر و پاراگرافێک نەبێ باقییەکەی دیکەی قرتاندوون. بروانە دەقە ئینگلیزییەکەی ئەو بەشە کە لەلایەن خاوەنی ئەم توێژینەوەیەوە کراوە بە کوردیی. ئەو بەشە سانسۆرکراوە کە نەزەری پسپۆران بووە و سانسۆرکراوە، لە خوارەوە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بەرەنگی چێرەیی نیشاندراوە. وەکو دەبیندرێ بێجگە لەو بەشە رەنگ کراوە چوار پاراگرافی سەرەتای دەقەکوردییەکەی لاپەرەی ٤٨ یش نازانرێ مەلا عەبدوللا لە کوێی بریوەوە و متربەی ئەو بەشەی کردووە.

9 https://drive.google.com/drive/my-drive

شاردنەوەی بەڵگەی جینایەتی تیرۆر، یان گورینی نەزەری خیبرە و کارناسان واتە تەزویر و سانسۆری تێکستێکی کە سەلماندوویە کۆژەری تیرۆرکراوان کێیە و دەرهاویشتنی ناوی ئەو تاوانبارکراوە لەو تێکستە، بە ئەمارەی دادوەریی ( présomptions juridique ) پێناسە دەکرێ. ئەمارە بە مانای نیشانە و عەلامەتی نیشاندانی ڕێگایە و لە زاراوەی حقوقیو نە حقوقیی دا کارایە، لە دادگاکاندا دەلیل و سەلمێنەرە. مبسوط در ترمینۆلۆژی حقوق بەرگی یەکەم /٦٠٩. دکتر محمد جعفر جعفری لنگرودی و Lexique Juridique

http://www.vosdroitsendirect.com/lexique-27-presomption.html

مەلا عەبدوللا بەو هەموو تەزویرەی کە لە پێداچوونەوە بە وەرگێڕدراوەکەی کاویاندا کردوویە و ئەو هەموو کادرو پێشمەرگەیە کە لە باشوری کوردستان بە هاوکاریی لەگەل زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە کوشتی داون، لێی دەکاڵێتەوە و هەڵدەگرێ کە ئەو پەسن و وتەیەی نەوشیروان کە بۆ تالەبانیی نووسیبوو" "ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری" بۆ ئەو بنووسرێ: "ئەشی کوژێ و پەیکەرەشی لۆ چێدەکا".
ئەوەش ئاماژەیە بەو نومایشە عوامهەڵخەلەتێنە کە دوژمنانی د.قاسملوو بە بۆنەی روداوی١٩٨٩/٧/١٣ ئەمرۆژانە وەرێیان خست. د.قاسملوو لە کورتە مێژووی ڕێبەرایەتیی‌دا باشتر لە هەر کەسێکی دیکە ئەو جەماعەتەی ناساندووە:و گوتوویە :" ئەوانە ماکیاویلیستن. ماکیاویلیسم بەو مانایە، هەموکەس فریوبدە!کلاو لەسەر هەموو کەس بنێ، درۆلەگەل هەموو کەس بکە، هیچ مەخوێنەوە وخورێنی چەک و پارە بە!

مەلا عەبدوللا ئەو بەشەی کە لەخوارەوە نووسراوە سانسۆری کردووە.

"صحراردی روونی نەکردەوە کە ئەو بە خەیاڵ هێرشکارانە چۆن چووبوونە نێو ئاپارتمانەکە. صحرارودی پێ دادەگرێ کە هێرشکەران لە کەرکەرۆکی دەرگاکەوە تەقەیان کردووە.

بەلام کارناسانی بواری تیرهاوێژیی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە" هێرشکەران لە توانایاندا نەبووە لەو شوێنەوە تەقە لە کوردەکان بکەن. بەپێچەوانە، تەقەکان لە لای ئۆدەی بەرامبەر بەو دەرگایە و لەلایەن هەمان ئەو هێرشکەرانەوە کراوە کە لە حاڵەتی دانیشتندا بوون. لەوەش زیاتر، قاپورە فیشەکەکان دەریدەخەن کە لە لایەن تاقمە ئێرانییەکانەوە تەقێندراون: قاپورە فیشەکەکان لەوشوێنانە دۆزراونەتەوە کە ئێرانییەکانی لێ دانیشتبوون، نەک ئەوەی لە نزیک دەرگاکە کەوتبێتن. پلەبەرزێکی دەولەتی ئوتریش بە گۆڤاری تایمی گوتبوو: بوزورگیان و صحرارودی بە ئێمەیان گوت کە کەسێک بە زۆر هاتۆتە نێو ئۆدەکە و تەقەی لێکردوون ئەوان درۆیان دەکرد. هەموو روالەتەکان نیشان‌دەدەن کە مرۆڤکوژەکان لە کاتی جینایەتەکەدا لە نێو ئۆدەکەدا بوون."

مەلا عەبدوللا بۆ پاکانەکردن بۆ صحراودی ئەو بەڵگەنامەیەی سەرەوەی لە دەقەکوردییەکەی کتێبی رەحمانی‌کورددا سانسۆر کردووە.

مەلا عەبدوللا دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی بە ئاشکرا بە بیانووی نەبوونی خەرجی پارێزەر بەدواداچوونی پەروەندەی تێرۆرەکەی بۆ خزمەت بە جینایەتکاران و فەرماندەرەکانی راگرت. دوابەدوای ئەوە پلەی هاوکاریی خۆی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک بۆ کوشتنی سەدان ئەندامی حدکا بەرەو ژورتر برد.

ئەوەی لەو دوو لینکەدا دەیخوێننەوە نامەی پاسدارێکی دەرکراوە بۆ محمد نوری‌زادە کە تێیدا باس لە دەوری تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی بۆ بردنی د.قاسملوو بۆ بە ناو وتوێژەکە و ئاکامی کارەکەیان و پاداشێک کە وەریان گرتووە دەکا. ئەو نامەیە لە رۆژی ١١ ئۆکتۆبری ٢٠١٢ لە سایتی محمد نوری‌زاد دا بە فارسی نووسراوە.[10] ئاوێنە نیوز ئەو نووسراوەیەی کردووە بە کوردیی .لەو لینکەدا بیخوێنەوە! ئەوەی کە نووسراوە بە مەبەستی تەئیید یان رەتکردنەوەی نییە. چونکە سەرچاوەکەی نەناسراوە. دەکرێ لە ریزی هەموو ئەو درۆودەلەسانەی ئۆدەی پلان و بەرێوەبەریی تێرۆردا بن کە بلاویان کردوونەوە و مەبەستیان چەواشەکردنی واقعییەت بووبێ.

http://www.nurizad.info/blog/19349

http://www.awene.com/dossier/2012/10/17/15647

10 -http://www.nurizad.info/blog/19349

ئەو بەشە کوردییە کە خەتەکەی وردترە و کراوەتە پەراوێزی لاپەڕەی ٤٧ ی "تاوانبارەکان"، لە لاپەڕەی ٣١٩ی دەقە ئینگلیزییەکەوە بۆ لاپەرەی ٤٧ دەقە کوردییەکە راگوێزراوە. راگواستنی ئەو دەقە بۆ ئێرە بێ دەلیل نەبووە. ئەوەش بەڵگە یەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوە کە مامۆستا کاویان سەرجەمی کتێبەکەی بە تەواویی و بێ ئەوە سانسۆری کردبێ بە هەموو سەرچاوەکانیەوە کە ٣٣٢ سەرچاوە بوون وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردیی. ئەو کارەی مەلا عەبدوللا بێ هۆ نەبووە.

رێکەوتی بڵاو بوونەوەی ئەو نووسراوەیەی مارک کراوێتز Marc Kravetz لە رۆژنامەی لیبێراسیۆن چاپی فەرەنسە بەو جۆرە کە نووسەرەکەی لە سەرەتادا رێکەوتی بڵاوکردنەوەکەی نووسیوە، رۆژی٧یئاگوست( ئوت واتە مانگی ٨)ی ١٩٨٩بووە. بەلام تێرۆری د.قاسملوو لە ١٩٨٩/٧/١٣بووە. واتە ٢٤ رۆژ دواتر لە تێرۆری د.قاسملوو ئەو نووسراوەیەی مارک کراوێتز لە رۆژنامەی لێبێراسیۆن دا بلاو کراوەتەوە.

صحرارودی تاوانبارکراو بە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لە ٢٢ی جولای ١٩٨٩واتە ٨ رۆژ دوای جینایەتی تێرۆر بەرەو ئێران ئیسکۆرت کرا. پشکنینی قانوونیی شوێنی جینایەت لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس، خیبرە و کارناسان،کردنەوەی تەرمی کوژراوەکان، راگەیاندنی ئەنجامی کردنەوەی تەرمەکان بۆ دیاریکردنی ئاسەوارو شوێن وهۆی مەرگ و دەربڕینی نەزەری پزیشکیی قانوونیی و تاقیکردنەوەی ئاسەوارەکانی بە جیماو لە جینایەتەکە لە تاقیگەکان لەسەر پێست و خوێنی تێرۆرکراوەکان و تێرۆریستەکان، وەرگرتنی نەزەری کارناسەکانی چەک ... نزیک بە سێ مانگی خایاند بوو. بەوەبەرچاوگرتنی رێکەوتی چاپی نووسراوەکەی مارک کراویتز لە رۆژنامەی لیبراسیۆندا کە لە ٧ مانگی ئۆگۆستدا واتە ٢٣ رۆژ دوای تێرۆرەکە بووە، ئاساییە کە ئاکامی لێکۆلینەوەکانی خیبرە و پسپۆران، نەزەری پزیشکیی قانوونیی،کارناس و پسپۆرانی چەک لە بەردەستی نووسەری مقالەکەدا نەبوون. دوای ئازادکرنی صحرارودی و ڕاپەراندن و دەربازکردنی بزرگیان لە ڤییەن و ناردنەوەی بۆ تاران کۆتایی بە گرفتی سیاسیی نێوان دەولەتی ئوتریش و سیستمی جینایەتکار هاتووە. عەلی ئەکبەر ویلایەتیی وەزیری دەرەوەی ئاخوندەکان چووە ڤییەن و روبەری سات و سەدای رژیمیان لەگەل بەرپرسانی سیاسیی فەولەتی ئوتریش دەمیلیارد دۆلار بەرز کردەوە. پارلمانتاران لە سەدان بۆنەدا دژ بە چۆکدادانی دەولەتەکەیان لەبەرامبەر ئاخوندەکاندا و ئازادکردنی تێرۆریستەکان و نەپاراستنی پرنسیپەکانی قانونی ئەساسیی ئوتریش رەخنەیان گرت و داوای پێکهێنانی کومیتەیەکیان کرد کە لە تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بکۆلێتەوە بەلام ئاکامێکی نەبوو.

هێنانی ئەوبەشە کە لە نووسراوەکەی مارک کراویتز لە ٧ ئاگوست ١٩٨٩ لە رۆژنامەی لیبێراسیۆن دا بلاو کراوەتەوە خۆی تەزویرێکی ئیبتیکاریی و دەگمەنە. ئەو تەزویرە حیکایەت لە ئەزموونێکی فرەی مەلا عەبدوللا لەو بوارەدا دەکا.

ئەو نووسراوەکژأی کراویتز لە و کاتەدا نووسراوە کە ئەنجام و ئاکامی تاقیکردنەوەکان لە دەستی مارک کراوێتزدا نەبوون. ناردنەوەی ئاکامی تاقیکردنەوەکان بۆ دادوەران نزیک بە سێمانگ و بۆ برێکیان زیاترلەو ماوەیەی خایاندبوو.

ئەو کارەی حەسەنزادە حیکایەت لە ئەزموون و پسپۆریی ناوبراو بۆ شاردنەوەی واقعییەت و ئامادە بوونی بۆ کردنی هەرتاوانێک دەکا. حەسەنزادە بۆ پاکانەکردن بۆ صحرارودی تەنیا ئەو نووسراوەیەی مارک کراوێتزی لە لاپەڕەی ٣١٩ دەقەئینگلیزییەکەوە بۆ لاپەرەی ٤٧ ی وەرگێڕدراوی دەقەکوردییەکە راگواستووە و مەبەستی ئەوەبووە کە وتەکانی کراویتز بکاتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بێتاوانیی صحرارودی. ئەو کارەی مەلا عەبدوللا بە یەکێکی دیکە لە تەزویرە هەرە دەگمەنە ئیبتیکارییەکانی دادەندرێ.لەبیر نەکەین کە د.قاسملوو زۆر بەر لە نووسینی ئەو رواوانە پێناسەیەکی وردی لە ماکیاویلیستەکانی حدکا کردبوو. مخابن بۆ هەڵبژاردنی رێبەرانی تەنزیمەکانی کورد معیارێک لە ئارادانییە. ئەوەش باسێکی گرنگە و جێی لێرەنییە. ئێمەش ئەزمونەکانی د.قاسملووی نەمرمان دی و پێیدا دەچینەوە و بە وەچەی دادێیان رادەگەیەنین کە بە چاوێکی کراوەترەوە بروانن و هەلەکانی ئێمە دوو پاتە نەکەنەوە. لە حوکمی دادگای میکونوسمان روانی ئیشارەتەکانی فلا حیانمان بۆ گلانی توێژی سەرەیحدکا گوێ لێبوو، لە هەزاران تەزویری ناوکتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورددا خولیای کوردستانمان بەتەزویرکراویی نیشاندرا...

درێژەی هەیە

2015/7/ ٢٤